# سۆمای حوزن

عادل شاسواری



مەحزون مەبە .. ئەزیزم

ئای ئەیژەن .. وەرەو شەکیلای ئەم سەفەری حوزنە

بکەرە تاڵە ئاوریشمەکانی پرچی کەمانەکەی حەسرەت و

ببینم چۆن بە گرِ دەنگ لەم سەنگە ئەهێنیت ..

ئای ئەیژەن .. وەرەو لەگەڵ خۆت توێشوویەك

لە هاواری خنکاو

لە سەدای هەناسەیەکی حەزین

بکە بە کۆنسێرتی ئەم گەلاوێژەت ..!

باوکم ئەیوت : سەفەر مەکە ، من ئەڵێم : حەزین مەبە دیدەکەم

دەریایەك لە فرمێسك مەکەرە توێشووی سەفەرت

پاییزێك لە خەزان مەکەرە وەزری تەمەنت

هاوینێك لە سووتان مەگرەرە باوەشی حوزنت

ئەزیزم ..

جێی ئومێدم .. مەزن بە وەك بوویت

نەکەی دەستی خەفەت لەژێر چەنەی خەم دانێی ..

نەکەی دەفتەری ئاوریشمی خەیاڵت

بە پرچی حەسرەتی ژاکاو

به شەمعەدانێك لە سووتانی نەرم

بە كۆنسێرتێك لە سەمفۆنیای خەم

فەرهەنگ چن بكەیت ..!

ئای ئەزیزم

رازی ژیان سەختە گوڵم

تا بێ دەنگ بیت زیاتر گڕ ئەگریت

تا ئەم لاوكەت زیاتر بۆبهۆنمەوە ، تۆ زیاتر ئەگریت

نەڵێی گمەی تەمەنی من داستانی فیراق دەگێڕێتەوە

نەڵێی دیوانی عیبادەتم تەهلیلەی جاران لەخۆ ناگرێتەوە

نەڵێی پرچی كەمانی حەسرەتم لە سەنگ / دەنگ دەردەهێنێت

نەڵێی غوباری من یادەوەری دەربەندێك لە خەم دەگێڕێتەوە

چون ئەزیزم

ئەوەی وەك نمەبارانێك زەوی دڵتی خوساندووە

ئەوەی وەك كزە بایەك ڕووی نوورینتی تەزاندووە

ئەوەی وەك جۆبارێك ئیشكی لە چاوانت باراندووە

لەلای من و لەلای هەموو گوڵە كێویلەكانی ئەم ژیانە

زاخێكە لە داخ و زوخاڵێكە لە خەیاڵ

پەریەكە لە میحنەت و حەسرەتێكە لە زەحمەت .

ئەگین ، خورەی بارانی لای تۆ ، لێزمەیەکە لە تەرزەو

کززەی ئازاری ڕوخسارت ، خەزانێکە لە نەشتەرو

جۆبارێك لە ئێشکی تۆ ، دەریایەکە لە حوزنی مە .

ئەو پەریەی لە تەمەنتدا جارێك ، شانی خەیاڵتی تەڕکردووە .

میوانی وەرزی تەمەن و هەمیشە پاییزی ئێمەیە

سۆمای دیدەکەم ..

هێشتا لەبەرەبەیانی ئازاردای

من ئەمەوێت گوێم لە کەوبارِی گەشتێك بێت

لە شانەی شیرینی جۆبارێك لە سرەوت

من ئەمەوێت چاوم لە دەریایەك بێت تا چاو برِکات هێمن

من ئەمەوێت ئاسمانێك لە ڕاسەرمەوە بێت

تا بڕوانم هەر جروە بێو تا بمەوێت هەر سکوون

من ئەمەوێت لە وولاتی عیشقدا تەلاری قەواریر

بۆ دڵە گەورەکەی تۆ دروست بکەم

من ئەمەوێت ئەم هۆزانی شیعرە بە زمانێ بدوێ

ئەم کۆترە جوانە رازی کا .. ئەم هەموو زوخاڵە لە پای چی ؟!

ئای ئەزیزم ..

ئەگەر بەدوای ئەدرەسی مندا دەگەڕێی

من ووشەیەکم لە فەرهەنگی دەروون

من لە نجەیەکم لە سروشتی گەردوون

من هەڵاڵەیەکم لە شنەی بەربەیان

من ڕامانێکم لە سۆمای ژیان

ئای لە موسافیری کاروانی تەمەن

کە بۆ پرشنگێك سەد تارا ئەکاتە قوربان

کە بۆ نوخشەیەك سەد پەیام ئەکا وێران ..!

*2000/7/21*